

# تەبلێتێک بۆ هەموو ئەندامانی خێزان

کۆمپانیـــای Archos بـــەم دواییە تەبلێتێکی نوێـــی بەرهەم هێناوە هەڵبەتە ئەگەر بە تەبلێت ناوی بەرین، چونکە سایزی گەورەی ئامێرەکە تا رادەیەك جیای دەکاتەوە لە تەبلێتێکی ئاسایی. ئامێری FamilyPad واتە تەبلێتی خێزان، شاشەکەی 13.3 ئینجە و سیستەمی بەگەڕخەری ئەندرۆیدی ڤێرژێنی 4ی لەســـەرە، شاشـــەی تەبلێتێکە لە جۆری HD یـــە و تەواو لەمســـیەو بە جۆرێکە کە دەکرێت لە یـــەك کاتدا دەکرێت 4 کەس لەســـەر شاشەکە کار بکەن و هەرکام ئەرکێکی تایبەت ئەنجام بدەن. تەبلێتەکە بۆ ســـەیرکردنی فیلم، پرۆگرامە هاوبەشـــەکان، هاوبەشکردنی وێنە و یارییـــە دیجیتالییەکان زۆر گونجـــاوە و تەنانەت چەندین یاری تایبەت بە خێزانیشی بۆ داندراوە. تەبلێتەکە لە تەلەڤزیۆن پەیوەند دەدرێت و هەروەها دەکرێت ئەندامانی ماڵەوە هەرکام شـــوێنی تایبەت بەخۆیان و ئیمێلی تایبەت بەخۆیان لەسەر تەبلێتەکە هەبێت.

# بچووکترین کۆمپیوتەری سەرمێز

کۆتایی ســـاڵی رابردوو بوو کـــە کۆمپانیای lenovo بە بەرهەمهێنانـــی کۆمپیوتەری جـــۆری Iedeacentre Q180 وەك بچووکترین کۆمپیوتەری ســـەرمێز لە جیهاندا ناوی خۆی تۆمار کرد، بەڵام کۆمپانیای ناوبراو ئەمساڵ لە بەرهەمێکی تردا هەوڵیداوە لەو کۆمپیوتەرەش بچووکتر بەرهەم بێنێت. کۆمپیوتەری جـــۆری Ideacentre Q190 کە پرۆسیســـەرەکەی 80% خێراترە لەوەی پێشـــوو رامەکەشـــی دوو هێنـــدەی بەرهەمەکەی پێشـــوویەتی و هاردەکەی یەك ترابایتە لەلایەن کۆمپانیای ناوبراو کەوتە بازارەوە.

Q190 قەوارەکـــەی 155 لە 192 لە 22 میلمدایە. دیزاینێکی جوان و سەرنج راکێشی هەیە و توانایەکەشی بەرچاوە. کارتی گرافیکی لە جۆری HDیە. سیســـتەمی ویندۆز8ی لەسەرە و شوێنی گشت کێبڵێکی پەیوەندی هەیە. سیستەمی پەیوەندی وایەرلەیسی وای فای و بلوتوسی هەیە، بەڵام لەو کۆمپیوتەرەدا شوێنی CD بەتەواوی لادراوە، جگەلەوەش ریمۆت کۆنترۆڵێکی تایبەت بە خۆی لەگەڵدایە.



# بە ماوس خۆت گەرم دابێنە

لەم هەرێمەی ئێمەدا کە گەرمای هاوین بڕستت پێدەبڕێت و تەواو بێهێزت دەکات، زســـتان لە ئەوروپا و بەتایبەتی وڵاتانی ئەســـکەندیناڤیا پێچەوانەیە، سەرمای بەهێز بەتەواوی مرۆڤ بێهێز دەکات، بۆیە بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێ لە هەموو شـــتێك سوود وەردەگرن بۆ ئەوەی کە ئامێرێك بۆ گەرمکردنەوەی جەستە دابێنن، تەنانەت گەر ماوسی کۆمپیوتەریش بێت!

لـــەم دواییەدا کۆمپانیایەك کە ئەرکـــی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی کۆمپیوتەرە، ماوســـێکی بەرهـــەم هێناوە کە لە ژێرەوەی ماوســـەکە دوگمەیـــەك هەیە و هیتەرێکی تایبەتی تێدایـــە کە دەکرێت پەنجەکانی بەکارهێنەرەکـــەی پێ گەرم بکرێتەوە، ماوســـەکە هەر بەماوســـی هیتەر ناســـراوە، لە کاتی ئاساییدا ماوسێکە وەك هەموو ماوسەکانی دیکە کە سێ دوگمەی هەیە بەڵام ئەگەر هەوا ســـارد بوو، هەر ئەوەندە بەسە کە دوگمەی ON دابگری و هیتەرەکەی پێبکەیت.. دوور نییە کۆمپیوتەریش وەك سۆبە یان وەك ئامێرێکی فێنکەرەوە سوودی لێوەربگیرێت!



# گۆڕانكارییەك
# لە كۆمپیوتەری دیسكتۆپدا

كاتێك نیازت هەیە كۆمپیوتەری جۆری desktop واتە كۆمپیوتەری سەرمێز بكڕیت، پێت دەڵێن كۆمپیوتەرەكەت چ تایبەتمەندییەكی هەبێت؟ رامی چەند بێت؟ هاردەكەی قەوارەكەی چەند بێت و كارتی گرافیكی چۆن بێت؟ بەو مانایە پارچەكانی كۆمپیوتەر لێكجیان، فرۆشیار بەویستی كڕیار پارچەكان لەباڵیەك دەخاتەوە، نەك وەك كۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ كە تەنیا یەك پارچەیە و ئیدی بەكارهێنەر ناتوانێت بە ویستی خۆی پارچەكانی هەڵبژێرێت.



كۆمپانیای ئەنتەل لەسەرەتای ساڵی نوێی زایینیدا نیازی هەیە شێوازی پارچە لێكجیاكان بگۆڕێت و كۆمپیوتەر بكاتە یەك پارچە، هەربۆیە پارچەی CPU بە مەزەلبۆردەوە پەیوەند دەدا و پارچەكانی دیكەشی پێوە دەبەستێتەوەو ئیدی بە ویستی بەكارهێنەر نییە كە پارچەكانی خۆی دیاری بكات، دروست وەك كۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ و تەبلێتی لێدێت.



# كیبۆردێكی مەجازی
# بۆ ئامێرە دیجیتالییەكان

پێدەچێت ئامێرە دیجیتالییە هۆشمەندەكانی وەك مۆبایل و تەبلێت جێگای لاپتۆپ و كۆمپیوتەر بگرنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تایب كردن بە مۆبایل و تەبلێتەكان بەهۆی نەبوونی كیبۆرد تا رادەیەك دژوارە. كۆمپانیای Broo-stone بۆ چارەسەری ئەم گرفتە ئامێرێكی نوێی بەرهەم هێناوە، ئامێرەكە لە راستیدا كیبۆردێكی مەجازی زۆر بچووكە و كە بەقەد میدالیای سوئیچ دەبێت، بەڵام لەرێگای بلوتوس یان سیستەمی وای-فایەوە بە مۆبایلە هۆشمەندەكان و تەبلێتەكان پەیوەند دەدرێت و وەك ڤیدیۆپرۆژكتۆرێك وێنەی كیبۆردێك لەسەر مێز یان شوێنێكی گونجاو بۆ تایب كردن دروست دەكات، بە داگرتنی هێما تیشكییەكان بەكارهێنەر دەتوانێت تایب بكات. گرفتێك لە كیبۆردەكە دا هەیە ئەویش ئەوەیە بە هەردوو كاتژمێر جارێك دەبێت شەحن بكرێتەوە.



# ئایپادەكەت
# بكە بە فیشە

فوتبول دەستی كە لەم هەرێمەدا بە "فیشە" ناسراوە، بەو یارییە دەگوترێت كە لە سندوقێكی دارین دروست دەكرێ و تەواو وەك یاری تۆپی پێیە، بەڵام دەستەكانت رۆڵی یاریكەرەكان دەبینن، ئەوانەی كە لە سەردەمی منداڵیدا ئەم یارییەیان كردووە، ئێستاش تامەزرۆی كردنی ئەم یارییەن.

ئەندازیارانی كۆمپانیایەك ئەم یارییەیان بۆ تەبلێتی ئایپاد بەرهەم هێناوە، كە بەدانانی ئایپادەكەت لەو بۆكسەی كە ئایپادەكەی تێدا جێگیر دەبێت، دەتوانیت یاری فیشە بكەیت. ئامێرەكە تەواو ئەو چێژەت پێدەبەخشێت كە لە یاری فیشەی راستیدا هەستی پێدەكەیت؟



# سایتێک بۆ گوێدان به دەربڕینی دروستی هەموو زمانێک




دەربڕین و گۆکردنی زمانەکان وەك خۆی بـۆ ئەوانەی کە فێـری زمانێك دەبن زۆر پێویســـتە، واتە فۆنەتیکی دروســـتی ئەو زمانەی کـــە نیازتان هەیە فێری ببن، زۆر کەس هەیە زمانێك بەتەواوی دەزانێت، بەڵام کاتێك کە قسە دەکات باش هەست پێدەکرێت کە فۆنەتیکـــی جیاوازە لـــەو زمانە، ئەو عەرەبانەی کە فێری کوردی دەبن و لەگەڵ ئەوەیدا دەزانن بە باشی قسە بکەن، بەڵام بە دەربڕینی زمانی خۆیان کوردی دەڵێن..

سایتی Forvo ســـایتێکە بەمەبەستی دەربڕینی هەر زمانێك بەو جۆرەی کە هەیە، لەو سایتەدا زۆربەی هەرە زۆری زمانەکانی جیهانی تێدایە، بۆ نموونە زمانی کوردی بە هەردو شـــێوەی کرمانجی خوارو و سەروو، (سۆرانی). ئێوە کاتێك ســـەر لە سایتەکە دەدەن، لە بەشی بەدواداگەڕاندا ئەو وشەی مەبەستتانە بنووسن و دوایی خودی وشەکە دەکرێتـــەوە و دەتوانیت بـــە دەنگ گوێی لێبگریت، دەربڕینی وشـــەکان هەر لەلایەن ئەو بەکارهێنەرانەی ســـەردانی ســـایتەکە دەکـــەن ئەنجام دەدرێن، ئێـــوەش دەتوانن لە دەوڵەمەندکردنی ســـایتەکەدا هاوکار بن و سەردانی سایتەکە بکەن و سوودی لێوەربگرن و دەوڵەمەندی بکەن.

# تەبلێتێک بە سێ شاشەوە




تەبلێتەکان هەرچەندە مێژوویەکی زۆریـــان لـــە جیهانـــی دیجیتالیدا نییـــە، بەڵام بە خێرایـــی بەرەو پێش دەچن، بـــەردەوام تەبلێتـــی نوێتر و کاراتر دەکەوێتە بـــازاڕەوە. هەر بەم دواییە دیزاینەرێکـــی تەکنەلۆژیای دیجیتالـــی، تەبلێتێکـــی نوێـــی بەرهـــەم هێناوە کـــە زۆر تایبەتە و تواناکانیشـــی گەلێکـــن، تەبلێتەکە لە راســـتیدا مۆبایلێـــك و کامێرا و تەبلێتە، کە هەرکام شاشەی تایبەت بەخۆیان هەیـــە، تەبلێتەکە دەکرێت بنوشتێندرێتەوە و وەك جزدانی پارەی لێبێت.

بەهۆی تەبلێتەکـــەوە دەکرێت لە یەك کاتدا سێ ئەرك ئەنجام بدەیت و هەروەها دەکرێت ئەو ئەرکانە پێکەوە پەیوەند بدەیـــت. کامێرای تەبلێتەکە 12 میگاپیکســـڵە و توانای فیلم هەڵگرتنەوەی بە شـــێوەی ئێچ دی هەیـــە، لەگەڵ ئەوەشـــدا تەبلێتەکە کێشـــی کەمـــە و بە ئاســـانی لە گیرفاندا جێگای دەبێتەوە.

# ویندۆز8 و کۆمپیوتەری یەکپارچەی گیگابایت

گیگابایـــت زیاتر وەك کۆمپانیایەکی ناســـراوی بـــواری بەرهەمهێنانی کارتـــی گرافیکی بەناوبانگە، هەرچەندە لەم دواییەدا لە بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری یەکپارچە هەوڵێکی جدی داوە و تێیدا ســـەرکەوتوو بووە، کۆمپیوتەری یەك پارچە بەو کۆمپیوتەرانە دەگوترێت کە کیبۆرد و کەیس و شاشە تەنیا لە شاشەکەدا کۆکراونەتەوە و یەکپارچەیە.. هەرچەندە ماوس و کیبۆردی دیکەشـــی بۆ دادەندرێت، بەڵام خۆی کیبۆردی مەجازی هەیە و بۆ ماوســـیش چونکە شاشەکە لەمسییە پێویســـت بە ماوس ناکات، ئەگینا ماوسیشی بۆ دادەندرێت.

نوێتریـــن کۆمپیوتەری گیگابایت کە بە مۆدێلی GB-AE21T ناســـراوە لە ســـتاندەری Mini-ITX ســـوود وەردەگرێت. ئەم مۆدێلەی کۆمپیوتەری یەکپارچەی گیگابایت بەتەواوی بۆ سیســـتەمی ویندۆز8 بەرهەم هاتـــووە و چونکە ویندۆز8 وەك ویندۆزێکی لەمســـی ناســـراوە و کۆمپیوتەرەکەش تەواو لەمســـییە. شاشەی کۆمپیوتەرەکە 21.5 ئینجیـــە و کوالیتییەکەی HD یـــە. کۆمپیوتەرەکە بـــە جۆرێك بەرهـــەم هاتووە کە گشت پارچەکانی دەکرێت بگۆڕدرێن. کۆمپیوتەرەکە تایبەتمەندییەکی گرنگـــی تێدایە ئەویش ئەوەیە کە لەناو کۆمپیوتەرەکەدا باترییـــەك هەیە کە لەکاتی کوژانەوەی کارەبادا چەنـــد خولەکێك وزە لەخۆیدا خەزن دەکات بۆ ســـەیف کردنی ئـــەو فایلانەی کە بەکارهێنەرەکە کاریان لەســـەر دەکات، جگە لەوەش کارتی HD TV لەســـەر کۆمپیوتەرەکە هەیە و دەکرێت وەك تەلەفزیۆنێکی HD سوودی لێوەربگیرێت.



# کامێرایەکی هۆشمەندی دیجیتالی بۆ وەرزشکاران

کۆمپانیای Drift کە کۆمپانیایەکی نەناسراوە، کامێرایەکی نوێی وەرزشی بەرهەمهێناوە کە هەم پتەوە و دژی پێکەوتنە و هەم ئاویش ناچێتە ناویەوە. کامێرای جۆری Drift HD Ghost ئیمکاناتی تەکنەلۆژی وەك وای فای ناوخۆ بۆ بڵاوکردنەوەی پەخشـــی راســـتەوخۆی وێنەکان لەسەر مۆبایل وکۆمپیوتەر هەیە. بەهـــۆی کامێراکەوە دەتوانی لە قووڵایی ئاودا فیلـــم هەڵبگریەوە، کامێراکە ریمۆت کۆنترۆڵێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە ســـەرەرای ئەوەی دوگمەی دەستپێکردن و راوەستانی فیلم هەڵگرتنەوەی تێدایە، شاشەیەکی بچووکیشـــی هەیە کە کارکردی کامێراکە لەسەر شاشەکە نیشان دەدات، ریمۆت کۆنترۆڵەکە بۆ ئەو کاتانە زۆر بەسوودە کە کامێراکەت لەسەر سەر یان لەسەر ئۆتۆمبێلەکەت بەستووە و مەودای 10 مەتریش کارایی هەیە. گرنگترین بەشی کامێراکە ئەوەیە دەتوانی لە یەك کاتدا هەم فیلم هەڵبگریەوەو هەم وێنە بگری، واتە لەوکاتەیدا کە فیلم دەگریەوە کرداری هەڵگرتنەوەی فیلم ناوەستێت.




# پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فیلمەکان بۆ DVD

گۆڕینی فیلم و گرتە ڤیدیۆییەکان بۆ سەر DVD ئەو کاتە ئاسانە کە لە پرۆگرامێکی وەکو Allok Video to DVD Burner سوود وەربگرین. پرۆگرامەکە بەکارهێنانی گەلێك ئاسانە و تەنانەت بۆ ئەوانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆشیان نییە لە گۆڕینی فیلم بۆ سەر DVD ئاسانە. پرۆگرامەکە لە راستیدا چەندین ئەرکی دژواری پرۆگرامە گەورەکانی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە. بە کورتی ئەرکی چەندین پرۆگرام تایبەت بەم ئەرکە ئەنجام دەدات.

خێراییەکی زۆر لە گۆڕینی فیلمەکان بەهێزترین تایبەتمەندی ئەو پرۆگرامەیە. هەروەها لەکاتی گۆڕینیشدا هیچ لە چۆنییەتی فیلمەکە ناگۆڕدرێت، چونکە زۆر پرۆگرام کاتێك فۆرماتەکەی دەگۆڕی گۆڕانێك بەســەر کوالیتـــی فیلمەکە دادێت و فیلمەکە تێـك دەچێت، دەتوانێـت 7 کاتژمێر فیلم لەســەر DVDیەك خەزن بکات. هەروەها دەتوانرێت ژێرنووس لەسەر فیلمەکان دابنرێـت، هەروەها دەکرێت فیلمـــەکان لەو شـــوێنەی کە مەبەســـتتە کـــەرت و پارچە پارچـــەی بکات. لە زۆربەی فۆرماتەکانی پشتیوانی دەکات.






# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

زۆر جاران خوێنەران پرسیارێك دێننە گۆڕێ و رەنگە جارێکی تریش وەڵامی ئـــەو پرســـیارەمان دابێتـــەوە ئەویش ئەوەیە، کە بێ ئەوەی کە حەز بکەن ئیندبۆکســـی یاهوو ئیمێلەکەیان پڕ دەبێت لە ئیمیلـــی نەخوازراوە، واتە ئـــەو ئیمیلانەی لەخـــۆوە دێنە ناو بۆکسی ئیمیلەکانیانەوە، خوێنەران دەپرســـن چ بکرێت کە پێشی ئەو لێشـــاوە ئیمێلە بگرین و چ بکەین بۆکســـی ئێملەکانمـــان تەنیـــا ئەو ئیملانەی تێدابێ کە وەڵامی ئێمێلەکانی ئێمەیە یان هاورێیانی ئێمەن؟

خوێنەرانی بەرێـــز ئێوە بۆ ئەوەی کە بەرگـــری لە ئیمیلی نەخـــوازراو بکەن، پێویستە ئەو ئەدرەســـانە بلۆك بکەن تا جارێکی دیکە ئیمیلی ئەو ئەدرەســـەتان بـــۆ نەیـــەت، بۆ ئـــەم مەبەســـتەش لەســـەرەوەی ئیمێلەکەتان لەو شوێنەی کـــە نووســـراوە mail Options کلیك بکـــەن، لەو لاپەرەیەی کە لەلای چەپ دەردەکەوێت، لەســـەر فەرمانی Spam کلیك بکەن، پاشان هەر ئەوەندە بەسە کە ئەدرەسی ئیمێلە نەخوازراوەکان لەو چوارچێـــوەی Blocked email addresses بنووسن و دوگمەی Add کلیك بکەن. ئیدی لەمەولا ئیمێلێك بەو ئەدرەسە نەخوازراوانەوە بۆتان نایەت.